

# حیکایەتی

# کۆترە ژنێک

# لە

# زەمانی

# مێ

# ڕەزاندا

ئیسماعیل خورماڵی

❋ چەند ووشەیەک بەر لە خوێندنەوەی حیکایەتەکە

ڕۆژی عیشقە و دەمبوورن یاران ، لە ڕۆژێکی وادا من بەم حیکایەتە دێمە ماڵەکانتان

بەم حیکایەتە ڕەنگی سوور و لالەی سوور و غەمزەی کچە مۆمە سوورەکانتان بۆ دێنم

بەم حیکایەتە لەچەمان ، ماسی شیعرێکی لە دڵ و لە خوا نزیکتان بۆ ڕاو دەکەم

دەمبوورن یاران ، دەبا لەم ڕۆژەدا ، وە پاڵ سەوزترین قەڵای خۆشەویستییەوە

ئەوەندەی مەیلی گوڵ گۆڕینەوە و ئەوەندەی مەیلی ماچی تەڕ و

ئەوەندەی مەیلی مەلەی گفتوگۆیەکی جێ ژووانێک دەکەین ..

دەبا نیو ئەوەندەش زەجر و سووتان ، لە (مێ) کانمان دوورخەینەوە

دەبا نیو ئەوەندەش جریوەمان بخەینە پاڵ جریوەی (مێ) کانمان

ئاخەر یاران ، گوڵی بێ دڵ ، زاری بێ دڵ ، شەماڵە و (با) بە سووتانیان دەدا

ئاخەر یاران ، هاوسووتانی نەوێ ، ماچ و گوڵ بە تەنیا نیشتیمانی مێ تێر ناکا

من دۆعایەک دەکەم ، ئەنگۆ بێژن ئامین ،

خودایە فڕینی ئێمەش هەر بە مێ بەخشە ، شەوقی ئێمەش هەر بەمێ بەخشە ،

ئاخەر یاران ، ئێمە تەڤرا جوان و ئێمە تەڤرا ئازادی بۆ شۆڕشی عەشق و

تەڤرا ئاوەدانی بۆ ژیان پەیدا دەکەین ، دەمبوورن بەم حیکایەتە دێمە ماڵەکانتان *

* ئەم حیکایەتە ، بەشێکە لە (دیوانی ترێستان) و لەم ڕۆژە سوور هەڵاتووەشدا

دیارییە بە عەیشی (ترێ) و هەموو ئەو کۆترە مێیانەی لە زەمانی مێ ڕەزاندا

لەباخ ژیان ، میهر و عیشق ، زەجر و ژیان ، دەیانداتە سێوەرسان و تاریکستان *

ئەگەر هەموان لە بەردەم ئاوێنەکانی عەشقا ، عەشق کارەی لای جوانی باین

لەبەردەم سێبەرەکانی عەشقا ، نمەی گیا باز و شاعیری سووەی باز باین

ئەگەر هەمووان ، وەکوو جەمعی ڕۆژی خەیام ، گۆزە باز و

کفر باز و شیعر بازی کووچەی هەق باین !

ئەگەر هەمووان ، وەکوو مەحوی لە شەوێکی حزوور خوادا ،

قوڵ بوێژ و بوێر بوێژ و تاو بوێژی شەوەکانی عیبادەت باین !

هەنووکە لە ڕۆژێکی وا تالووکەدا ، کە تالووکە ، باڵی تان و پۆی لێ گرتووین

لە ڕۆژێکی وا حەرامی تفت و تاڵدا ، کە هەموو حەڵاڵێکمان بە حەرام بووە

ڕۆژمان ، نەدەبرژا و شتاقیشمان

حەڵاڵمان حەرام نەدەکرا و چاومان شەوق چن نەدەکرا و باڵمان پەڕە چن نەدەکراو

بەو هەموو دڕو مەرجانی دڵپاکییەوە ، ڕۆ نەدەکراینە دەمی جامە بووختان و

وە مەخلووق و وە عووشاقی زەمانی ڕەش نەدەناسراین !

قەت بووە قەپاڵ گرتنی سێوێ ، ئێوە بڵێن

لە کێوی سنگ فڕکەی سێوێ ، بای حەرامی هاووردبێ ؟!

قەت بووە نازۆڵەی مەمێ ، ئێوە بڵێن

گوفتی شەکر باری ، شەکر دەمێ ، ڕۆژی خوێن و سەنگ بارانی هاووردبێ ؟!

قەت بووە خوێندنەوەی شیعرێ ، لە ئێوارە هێرۆکانی ختووکەوە

قەن نیگای دوولبەرانی ئەودیو پەنجەرەی ، وە کەرویشکەی بێ شەرمیدا فڕاندبێ ؟!

قەت بووە لە بەر کەرویشکە و چاوی بارەش ، گڕ لە سنگی گەنم بەردرابێ و

لەبەر شەتاوی جریوان ، گڕ لە باخ و باڵندە باخ بەردرابێ ؟!

قەت بووە لە بەر چاوی ئاو ، کە خۆ ڕووت کردنەوەی نیوە شەوی ماسیان دەبینێ ئەو

ماسی پەلكێشی ناو لماو كەن و بە دەمی پڕ گڕ و قولاپەوە ،بە شەوی ئاویا كەنەوە و

بەو شەوە هەم ماسی و هەم ئاو ، خەڵتانی خوێناویترین كووشتن بكەن !

قەت بووە لەبەر شەلالی مەمێ

كەلە كێوی ڕۆشتنەوە تاف ئەدا و وە تاف ئەڕژێتە دامەن و خوار

دوولبەری خوا دوولبەری مەم ڕەجم كرێ و دوو هەناری لە دۆوكەی خوێنەوە بدرێ ؟!

قەت بووە جێ ژووانی جووانێ ، كە پار سەنگی سرووشتی پەروانە و گوڵە

وە گۆڕسانی ماچ و وە گۆڕسانی  سەوزەڵە بەڵێنان بووبێ ؟!

قەت بووە ، عیشق ، بێ .. لە پایزی ناز و فیرقەتی جووان ، بێ لە ژیان ،

پۆستی زەمانێكی لە خوێن گەیاندبێ و گۆزەیەكی لە ماڵەكەی خەیام شكاندبێ ؟!

قەت بووە  یەكێ ، لە دەروێشی تەكیەكەی نالی بوو بێ و

هیچی ، لە هیجر ی لای نالی و

هیچی لە تەجووید و ئەبیاتی  نامەكەی سالم نەزانیبێ و

ئەوڕۆ ، وە پێش نوێژی شیعری ئەوڕۆ  و وە شێخی زەمانی جووان ناوزەن بووێ ؟

قەت بووە بەرد وە كەمەری گوڵ سەماكا و پەروانە وە بۆنی بەرد مەست بێ و تێكەوێ

قەت بووە ، بانگ پەپوو ، لە جوومعانەی باخدا

نوێژی هەموو تەیرە بێوەییەكان ، بێنێتە مزگەوتی پەڵگە ئاشووبیان و

لەوێوە لەوێوە قەراری شەڕو خوێن ، بە سەر نیشتیمانی جوانیدا بەن

خودا ئامان بە دوورمانخەی ، لەو ڕۆژانەی خوێن دەخەنێ و

لەو ڕۆژانەی قەور باوەش دەكاتەوە و لەو ڕۆژانەی ئەوینمان وە بووكی پایز دەچێ !

دەی دەخیلە ، دەخیلتان بم ، جەمعی عووشاق ، تا بە دۆوکەی مردن نەچووین ،

هەتا دڵمان سەوزە ، بێن بێن با  وەک (با) لە دوای خاوبوونەوەیەکی بەناو حەرام

لە کەروێشکەی دەغڵی ژووان نەکشێنەوە !

بێن  با  ،  وەک بەو مەستی  سایە شەوی  دارێکی  (سەرچنار) وە مەی

شووشەی ،  شووشەی ئومێدمان تووڕنەدەین !

دەی دەخیلە ، دەخیلتانبم یار و یارۆ ، خەیاڵتان وە تووی داتەکیو مەکەن

گرتان  ،  وە قوماتەی بەور و شەختە  مەکەن

ئاوەدانیتان وە ژەهری چۆڵەوانی و ماسیتان  سا   وە بووختانی لم مەکووژن !

دەی دەخیلە  ، دەخیلتان بم ،  هەتا دەستیان نەداوەتە یەخەی ژیان

هەتا پشکۆی فرسەت گەرمە ، با

با با ئێمە ، ئێمە ئاوەدانی وە فڕینی کۆترە ژنەکانمان بەین

ئاوەدانی بە خەیاڵ و حوزنی تاوسە قەیرەکانمان بەین

منێک وەک خۆم  ،  وەک بانگدەری هەموو ڕۆژە جوومعەکانی عیشق

لە ئێستەوە ، تێدەچمەوە و لە ئێستەوە دەچمەوە  سەر خەرمەنی ئەلف وبێی عەشق و

لە ئێستەوە ، لەو بابانی (لانە لاس) و لەو بابانی (لانە خەج )و (شەم)انەدا ،

لەو مەسکەنی (کوردی و هەردی و مەدهۆش)ە دا

ئەڕۆمەوە و وەک (کەنەسمەیەکی کانیاشقانیی سوور)

لە خوار گۆیژە وە بەرە وخوار

وەپاڵ پیر مەسووری گۆمەمی سەر مۆری  تازە مەمێکەوە

یان لە چوارباخی کۆنە چامەیەکی  خۆم ، لەسەر سیلەی (هەنارستان)

ماڵێ ماڵێ  بۆ خۆم و ژووان و ژنەکەم دەگرمەوە و

دەچینەوە ناو سپیدەی  ،  پڕ جریوەی   ،   هەموو دێڕێکی عاشقانە و

لە نوێ ، لە نوێ ، چنگ بۆ بەفری ژیانێ تر دەگرینەوە و

لە نوێ ئەوین و گوڵ ئاشت دەکەینەوە!

وە چاوتان سوێن ، وەی خێڵی چەم سیاوانی وەتەن

منێک وەک خۆم  ،  لە یەکەم ئێوارە ئاپوورەی شیعرمدا

وە شەوقێکی پێغەمبەرانەی شەوقەوە ،بۆ یەکەم جار ، دێمەوە و دێم

دێم و گوڵێک ، لەم حیکایەتی کۆتر و

دێم و گوڵێک ، گوڵێک  لەم زەمانی (مێ)ڕەزانەتان بۆ ئەخوێنمەوە

وە چاوتان سوێن ، وەی خێڵەکەی چەم سیاوان ، شەرتە کارێ کەم من

لە دوکەڵی  ، یەکەمین دێڕی لای چامە ئەوین بازەکەی خۆمەوە

ئاگرێ لە جووانترین شۆڕشی عیشقتان پێ بەم و

لێ یار گەلی   ڕۆژی عیشق  ، شەوقێ ، شەوقێ بنێمەوە ماڵتان

چاخێک بێ چاخ  ، نووری واتان نەبینیبێ و

چاخێک بێ چاخ (لاس)ی واتان نەبینیبێ !

شەرتە  یاران ، وەی وەی  خێڵی چەم سییاوان ، کارێک کەم من

هەرچی لاسە ،  وە خەزاڵی شووشە  خەزالانیان بێژن ،

بمان وەخشن ، لە هەر مۆڕەکردنێکی قوورەتی و ناڕەوا لێتان

بمان وەخشن ، لە گێژەنی هەر گرژییەک ، بەر بووبێتە ئێوارە ئاوی جووانیتان

بمان وەخشن ، بۆ لەمە و دووا ، لاس دەبین لاس !

دەبێ بێژن ..

وەک من چۆن ئەمێستاکە لەسەر بەرماڵی تەڕترین چامەی خودایی

وە شا (ترێ) ی دیوانی (ترێستانەکەم) ئێژم

بم وەخشە تۆ ، لەبەرد پیاماڵینی هەر شێتییەکمدا ، وەپەنجەرەی دڵتا

بم وەخشە تۆ ،لە باهۆزی هەر غەزەبێ وەک خوا دابێتم وە تەمووی قەندیلی جووانیتا

وەی کۆترە ژن گەر خوازیاری ، لەشیعری من ماڵت هەبێ

لە ساماڵی دیوانی من ، تۆ فڕینی نیشتیمانێ باڵت هەبێ

بۆ لەمەو دوا ، ڕازی نەبی ، گوڵە گەنمی فڕینت بە تەوێڵی قەفەزێکەوە هەڵواسن

ڕازی نەبی ، کێشمە کێش ئاگرت بە بەفرا کێش کەن و

تۆش وەک شەم و دەروونێ شەم ، بارانت لە شووشەیەکدا خەفە پۆش کەن ،

ڕازی نەبی ئەی کۆتر ژن ، دڵت بەئاوی عەشقەوە بسووتێنن

لە پووشەڵانی ناهەقی و زوڵما ، دڵت بە قەرە برووت کەن !

ڕازی نەبی ئەی کۆترە ژن ، بە شەوقی ئەو هەموو زەمانە ڕۆشنەوە

بە زەمانی خوێن و بەزەمانی نازەمانی زینە چاڵدا بتبەنەوە

نە هێڵی تۆ ئەی کۆترە ژن ، با منیش لاس و قەڵەم و یاوەرت بم

نەهێڵی تۆ ، نانی جوانییت بەسەر ساجی کۆنە ساڵەی هەزار ساڵەی ژەنگا بسووتێنن

نەهێڵی تۆ ، ڕێی فڕینی ساماڵت لێ بەرن و

چارەنووست بە دەروەنێکی تردا بەرن و بفرێنن !

نەهێڵی تۆ ،

فڕین بەخشە بە زەمانێ ئەی کۆترە ژن ،عیشق تێیدا ، دڵۆپە خوێنێکی نەدۆڕاندبێ و

زەمانێک بێ ، ترێکەم ، زەمانێک بێ ، لە سێبەری با حاڵی بێ و

زەمانێک بێ ، ترێکەم ، زەمانێک بێ

ئەوەی ناوی باروت وخوێن و بووختانە نەیبیستبێ !

دڵت بەخشە بە دڵێ تۆ ، با منیش لاس و قەڵەم و یاوەرت بم

کە چووە دەمی گفت و گۆ ، دەم هەر قەن بێ و

لە دەمی هەر ووشە و دەم کردنەوەیەکدا

گەزۆبایەک هەڵکا و وەک دڵدارێکی دانسقە و تاقانەی خوا

(ژووانی ژووان ) بە ووڵاتی باسووقان کا !

ئەی کۆترە ژن ، ئەی تاقانە ترین بۆڵی ناو ترێستان

نەهێڵی تۆ ، ئاسمانت پڕکەن لە باروت ، فڕینت لە ژەنگەوە بەن

لیمۆت وە گەڵا و ستیانەوە تالان کەن ، لە فەرهوودێکی نێرانە و پیاو سالارییدا

نەخشەتەت بگێوزنەوە ، سەر نەخشەی جنۆکە پیاوەکانی سەردەم

ئەو پیاوانەی تا هەنووکەش ، تەجویدی عەشقیان بۆ ناخوێنرێتەوە و

لە زمانی (مێ لیمۆیەک) حاڵی نابن و سەدەیەکی تریش گوڵەکەم فێر نابن

فێر نابن چۆن لە ئێوارەی جێ ژووانێکدا ، وەپاڵ قوڵایی مووحیبەت وعیشقەوە ،

نەک چیپەڕی دەسبازییەک (ژنە لالەنگییەک ) ڕووت کەنەوە و

وەک شەراب ، وەک شەراب لە ئاوی تەهووریان بخۆنەوە و

لە گەمەیەکی ڕۆحی و تەواو ڕۆحیشدا ، گەمە بە دۆزەخی خوا کەن !

نەهێڵی تۆ ، ئەی کۆترە ژن ، وەکوو مەسیح پەلت وە بزمارا بکوتن

ئاخەر گوڵە ، تۆ کەمترنیت ، لەو گوڵانەی ، لەسەر پشتی زەردە پەڕان

زاری تاوڵەی خوا بەهاران هەڵدەدەن !

تۆ کەمترنیت وەی گوڵەکەم ، لەو پەرییانەی ئاسمانی خوا پڕدەکەن لە هەنگی ئومێد

باخەڵی هەر هەسارەیەک ، پڕ دەکەن لە جووانی

ڕووانینت هەبێ وەی کۆترە ژن ، ئەی ژنی هەڵژەنراو بەئاوی هەنار و هەرمێ هەنجیر

ئەی ژنی دەربەنی ڕۆژەکانی عیشق و ئەی دڵی ژێر کەپرە دڵی هێشووە دڵان

ئەی بووکی نیشتیمانەکەی برایم پاشا ، وەی بۆڵی سوور ، وەی دڵی سوور

نەهێڵی تۆ ، سەری ڕۆژت بە خەنەی ناهەقی سوور کەن

وەک درەختی دارستانی تەورسانان ، سەرت سەرت وە ماڵی تەور و تەورداس کەن و

چاوت چاوت وە گۆڕسانی خۆرەتاو کەن !

نانا نانا نانا ، وەی کۆترە ژن ، ڕازی نەبی ، نەهێڵی تۆ

پیاوە زمسانییەکان ، پیاوە ئافاتییەکان ،بێ زووانی گڕو خۆشەویستی

پشکۆ چنی ، ئاگردان و کوانووەکانی ئومێدت کەن ،

خەونت وە نەعنا و تەرخوونی تەڕەوە خۆن !

نانا نانا ، نەهێڵی تۆ ، ئەی کۆترە ژن ،لالای جووانیت وە لالا کەن

ئاخەر گوڵم ، تۆ کەمتر نیت ، لەو چڵانەی وە گژ تەورا دەڕۆنەوە و

تۆ کەمتر نیت ، لەو ماسییە گوڵانەی ، شووشە عەتری پیاوەکان چۆڵ دەکەن

ئەو پیاوانەی تەنیا وتەنیا ، شانازی بە سمێڵ وخەنجەری بەر ورگەوە دەکەن !

ئەو پیاوانەی هەموو جوانییەکانی منێ لە قەیسییەکی چکۆڵاندا دەبینن !

تۆ کەمترنیت گوڵەکەم ، وەی بووکی هێشووە بووکان

تۆ کەمترنیت لەو ماسییانەی گەمە بە قولاپی ڕاوچی و تۆڕی ڕاوچیانەوە دەکەن !

تۆ کەمتر نیت ، لەو باڵندانەی ئێواران ، کە شانازی بە فڕینی خۆوە دەکەن

لە پووشەڵانی دەشتێکدا ، فلووت ژەنێکی پیر هار و قووشقی دەکەن

تۆ کەمتر نیت لەو هەورانەی ، هەر بە تاوێ ، دڵی هەزار و یەک کێڵگە ڕادەکێشن !

فڕینی تۆش ، ئەی کۆترە منێ ، کەمتر نییە لەو باڵانەی ئەوان

بارانی تۆش ، ئەی کۆترە منێ ، کەمتر نییە لەو بارانەی ئەوان

تۆ کەمتر نیت ، وەی بێباک ،

وەی بێباک لەمەحشەری خۆت ، وەی بێباک لە سووتانت بە خاتری من !

تۆ کەمتر نیت ، سێبەری تۆش کەمتر نییە ،

لە سێبەری ئەوپیاوانەی تازە تازە فێری ، باران بارانەی عەشق دەبنەوە و

بەڵام ناخیان ، ناخیان پڕە لە وانەی بوغز و سەنگ باران !

تۆ کەمتر نیت ، وەی گوڵەکەم ، وەی بێباک هەر کەڕەتێ لە خۆت هەڵڕووانە

تەواشاکە بە تۆزێ تۆزێ عیشق لە سەری مندا ، تۆ چ دۆزەخێکی جووانترت هێناوە و

بەر لە مەرگ و کۆ قەتاری سەر قەورسان ، تۆ تۆ منت ناوەتە سەوزایی چ جەننەتێ

وەرە ئەی یار بۆ جارێتر ، وەکوو هەنار ، لەبەر ئاوێنەی هەنارا

لەتەک هەموو ڕەنگە ئاڵەکاندا ئاشت بەرەوە و

لەڕەنگی یەئس و لە ڕەنگی دەستە پاچەیی گەڕێ تۆ

کچێ تو بی وخوا ، بێ جارێتر ، وەی تاقانەی بە حەوت مەملەکەت گوڵ

ماڵ و ئاسمانم بە گوڵدا بەرەوە تۆ ، تو بی و شیعر ، ئەی کۆترە ژن ،

ئەمڕۆ هەموو پەنجەرەکانی پایز پێوە دە

ئەمڕۆ بە گوێی گوڵ ، بە زمانی گوڵ بمدوێنە

وە پەنجەی گوڵ (دیوانی بەور و خاک ومێ)م هەڵبەرەوە

بەدەنگی گوڵ بانگم کە و بڵێ پیری ڕەش ،

بە قەڵەمی گوڵ بێرە دامەنی شیعر ،

هەتا بێژم وەی گوڵەکەم وەی ترێکەم ،

وەی وەی ، وەی لەمەلاکی هەموو حەرفێکم ئازیزتر

توبی وخوا ، تۆش بێرەوە نێو باڵکۆنە شینەکانی مووحیبەت و

وەکوو ئەوسا ،لە بەر بارانێکی شیندا ، بە چەتر و ڕینکۆتێکی شینەوە

جارجارە چاوڕێم بە و با لە پرێکدا ، من لە کۆستەرێکی سەرشێتدا دابەزم و

دوای کەمێک لە ئاوێتە بوون وە کووچەکانی نێو شاردا

خۆمان خۆمان وە (هۆڵی ڕۆشنبیری)دا بکەینەوە و

بێژن تالیعتان جوان ، ڤیستیڤاڵی گەلاوێژە و

دوای سەدەیەک لە غەریبی ، بەخێر بێنەوە بۆ نێو ئاپوورەی جوان

وای خودایە دوای سەدەیەک لە غەریبی

دەرژێنەوە ناو ئاپووره و

ئەرژێنەوە ناو ، ئەو هەمووەوە ئۆمەتە شەکرە بارەی ناو هۆڵ

ئەرژێنەوە شیعر و ئەرژێنەوە ناو ماچی ئەو هەموو هاوڕێ ماندوو وانەمان

لە پڕێکدا ، کچە کۆڕگێڕێکی ناسک ، بە کراسێکی ڕەشی تەنکۆڵەوە

کەلە ژێریا ، لاسکی ستیانێکی ئاوی و دووهەناری عەیار و ئاودار دیارن

وە سیما ، وە سیما ، سیمای مانگی چوارده و

وە قەدیش ، نەیجەیەک لە نەییسانەکەی لای نالی و

زووان هەر قەن ، وەکوو میوان ، وەکوو میوان بۆ خوێندننەوەی شیعرێ بانگم دەکا و

ئێوە و خورماڵی و چامەیەکی تاراوگە

ئەشلەژێم و پێم بەیەکا دێ و لە دوو پێم ،

گوڵە حاجیلەی پشت قەڵای گووڵعوومەر و

پوونگەی چنگی زەڵم لەپێم دەرژێ و دادەکەوێ

قەستمە قەڵەم ، بێ بە زرێبار و لە مەوجێکی ئەودا ،

قەرزی ئەو کەنیشکە مەه باز و کۆڕگێڕ و بەمەوە

قەستمە قەڵەم ، بێ بە هەنارێکی تازە گوڵ و

هەتا لە زووانی ئەو هەنارانە حاڵی بم ،

نار نشینن و مەحبووبی خوان ،

نار نشینن و وە غەمزەیەک (با) لەسەر سنگی گەنم هەڵدەفریوێنن

نار نشینن و وە بار تەقای هەموو دێمە دۆنمەکانی لای نیشتیمان ،

له (بیری دڵ ) له (چاوی دڵ) ، ئاوی شیعر هەڵدەگۆزن !!

ئەشلەژێم و دوو پێم به یەکا دێ و چاوی شیعرم پڕ دەبێ له نووری جەننەت

دەبەم به جەننەتیی شیعر و دیسان دەشلەژێم و ئێژم ترێ له چی بێژم

تۆش له شەرمێکی مێخۆشدا ، ئاڵ دەچیتەوه و تێ دەگەم ،

هەنارستان ، هەنارستانت گەرەکە

منیش وه مەکرێکی ڕەشتاڵەی لای جارانمەوه ،

دەچمه بەر (مایکی) خودا پێداو و بەڵام بۆنی ئەوکچۆڵه تاریک پۆشه ،

وه مەغەریبی چامەیەکی تردا دەمبا و دەستێکم دەکەوێته ئەملا و دەستێکم ئەولا

ئەڕۆم و له‌پڕ وەک چووالە ، له چڵ کەوێ ، دەکەوم و

زووانم له چڵی چامەی ڕەش بەردەبێ و

ئەمجاره ئەمجاره مزرتر دەکەومه هەنارستان و مزرتریش دەخوێنمەوه

دواجار له تەک گەزۆ خەیاڵێکی وا دا ،

بەشێک له کۆتایی ئەم چامەیەیان بۆ دەخوێنمەوه و

لەتەواشایەکی مزر و مێخۆشیشدا ، دیسان دیسان وه چاو ئێژم .. ئەی خۆشەویست

هەنووکەش کووچەیەک بۆنی تۆی لێ نەیه

له کنه من ، ئاسەواری کووچەیەکه له جەنگ و خوێن !

تەمەنێ وەک گەڵا لەژێر ئاونگی تۆدا نەخەنێ ،

لەکنه من ، وەک دارێکی تەمەڵی سرووشت وایه و بەڵام مووکمیل به سەوزایی !!!

لەکنه من ، وەک کەناری نێوەشەوی گوێ ئاوێکه و بەڵام

خاڵی لە مەکری مەوج و ئاو ، خاڵی لە بەهای شەپۆلان !

دەسا ئەی یار ، وەی لیمۆکەی هەزار لیمۆی (باخە مێ )یان

توبی وخوا بێرەوە بەر ، بەر هەیوانی ڕەنگەکانی جاران

ئەو ڕەنگانەی لە فڕینی عەشقا فێریان بووین و

لە گریانی شەوێ تووشدا ، لە ڕووتبوونەوەی هەنارێکدا فێریان بووین !

لەجنسی چڵە گییایەکدا کەبەرد خوێنی ڕژاندبوو

لە جێ قوونەی کەروێشکێکدا ، کە نووزەی ژیانی لێوە دەهات

ئەی عیشق دەسم دامێنت ، لەم هەڵدێر و هەڵەمووتە هانامان بە

لەم هەموو ڕژان و دابڕانە کۆمان کەوە !

ئەی ئاسمان دەسم دامێنت ، لەم تاوسان و باران بڕینی ڕۆحەدا

لە قوربانی کاکڵە هەوران ، لە باران چاوت لێمان بێ !

ئەی زەمین ، دەسم دامێنت ، لەم زەمانی ژیان بە کرێبوونەدا ،

چاوت لە کرێی کوخێکمان بێ لەشمشاڵ !

ئەی فڕین ، دەسم دامێنت ، وەک چۆلەکە لەژێر باری بەور و تۆفا

لێ چۆلەکەیەکی زامدار و باڵ شکست ، بە فڕینی ڕەنگەکانمان بەخشەوە تۆ !

ئەی ڕەنگ تۆش ، دەسم دامێنت ، بەو ڕەنگانەمان بەرەوە

وەبێ خوێن وە قەڵای عیشقا دەیانبردین !

وە بێ خوێن وە بەردەم جەنگەڵەکانی لای یەکسانیدا دەیانبردین

وە بێ خوێن ، بەر لە (سەر) دۆڕان ، دەیانکردینەوە بە براوە و عاشق

خودا زیندەگییەک ، ئارامتر لە تاوە مەلەی سۆنەیەکی چەم نشینی تازە سووبحان !

بێوەی تر لە فڕینی پەروانە باسکان !

دەی خودایە ، زیندەگییەک ، لە ئاو ڕوونتر ،

مردین وە دەس لێلایی لای ژیانەوە !

زیندەگییەک ،خوا خانە گوڵ ، مردین وە دەس دڕک و داڵی ژیانەوە !

مردین مردین ، مردین وە دەس ژیانەوە !!!

2008 ئەڵمانیا